# یەکبوونی سروشت و خودا

**نووسینی: سمکۆ کوردستانی**

١. خودا دروستکەری هەموو بوونێکە و، هەموو شتێک بەخواستی ئەو ڕوودەدات! ئارام وەک منداڵێک ئەمەی پێگوترابوو... هەر لەمنداڵییەوە فێری ئەوەدەکرا کە نابێت کاری خراپ بکات. چۆنکە لەلایەن خوداوە تووشی لێپرسینەوەدەبێ و، سزا دەدرێت! کەچووە قوتابخانەش لەگەڵ فێربوونی وانەکان، ئەم باسەی زیاتر لا نوێ دەبووەوە... گەلێ جار لەگەڵ هاوڕێکانیدا باسی بەتوانایی خودایان دەکرد و، لەکاتی پێویستیدا لێیدەپاڕانەوە. هەروەک زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگەکەی، بەتێپەڕبوونی کات ئەم قسانە زیاتر دەبوونە بڕوای ئارام...

**بڕوا بەرهەمی ئەقڵە و، زۆربەی کات ئەندێشە و بیرکردنەوەی مرۆڤە. ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی پێدەچێت لە شوێن و کاتی جیاوازدا ڕووبدات.**

٢. بەڵێ بڕوای جیاواز دێتە ئاراوە، بەتێپەڕبوونی کات جێگیر دەبێت و پەرەدەسێنێت، دەبێتە سەرچاوەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ژیان لەکۆمەڵگەدا... مەگەر ژیانی مرۆڤ لەکۆمەڵگەدا پێویستی بە ڕێنیشاندان و ڕێکخستن و چاودێریکردن نییە؟ بۆ مێژووی مرۆڤ هەر بەم شێوەیە نەبووە؟ ئەنجامدانی ئەو کارەش پێویستی بە هێز دەبێت. دەتوانرێت بڕوا وەک هێزێک بەکار بهێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسەکان، تەنانەت زۆرجار کۆنترۆڵکردنی فکری کەسانێک. ...

١. ئەمە لە ڕوویەکەوە ڕاستە، بەڵام لەڕووی تێگەیشتن لەسروشت، لەڕێی هەستەکانەوە یان وەرگێڕانی هەستپێکراوەکان لەلایەن ئەقڵەوە فێرمان دەکات چۆن ژیان بەسەربەرین. لێرەدا قسە لەسەر ژیانێکی یەکسانی هاوئاهەنگە کەمافی مرۆڤی تێدا پارێزراوبێ. بێگومان مرۆڤ بەردەوام بەشوێن باشترین وەڵامدا دەگەڕێت؛ هەر لەبەرئەوە شتەکان دەخاتە ژێر تاقیکردنەوە. ئەو پرسانەی بەتایبەتی لەڕێی هەستپێکراوەکانەوە دروستدەبێت هەندێجار لەکاتی دیاریکراودا بە شێوەیەکی زانستی ناتوانرێت وەڵامی تەواوی پێبدرێت...

ئارام لەلایەن کەسانێک لەخۆی زاناتر! کە جێگەی بڕوای بوون، پێیگوترابوو خودا دروستکەری هەموو بوونێکە! جا ئەو کەسانە، دایک و باوکی، یان مامۆستای ئارام بن؛ ئایا لەڕووی زانست و سروشت و خودا چەند دەزانن؟ ئارامیش لەو تەمەنە کەمەیدا ئەم وتانەی بەهاوڕێکانی دەگوت.!! لێرەدا ئارام وەک ڕاسپاردە وەڵامێک دەگەێنێتە هاوڕێکانی، لەوانەیە ئەوان پرسیان لەسەر نەکردبێت. هەر وەک چۆن خۆی پرسی لەسەر نەکردوە و، وەک منداڵێک هیچکات دروستکەری لامەبەست نەبووە. ئەو وەڵامی پرسیارێکی پێدەدرایەوە کە هێشتا ئەندێشەی لێنەدەکرد. جا جیاوازی لەنێوان ئارام و کەس و کار و مامۆستایانی ئارام چییە ؟، ئەوان لە ئارام زیاتر دەزانن؟ یان ئەوەی کە دەیزانن بەرهەمی تاقیکردنەوە و، لێکۆڵینەوە زانستییەکان و، بیرکردنەوە فەلسەفییەکانە...؟

٢. ئێمە باسی کۆنترۆڵمان کرد و زانیمان هێز دەتوانێت کۆنترۆڵ بکات؛ هێزی فیزیکی، وهێزی بڕوا. ئاشکرایە لە کۆندا ئەو کەسەی هێزی ماسولکی زۆر بوایە دەیتوانی ئەوانی تر ببەزێنێ و، زۆرجار دەکرایە سەرۆک. ئەم شێوازە لەئاژەڵە بەکۆمەڵەکانیشدا بەجۆرێکی تایبەت بەخۆیان بەڕێوەدەچێت... هەروەها هێزی یەکگرتوویی گروپێکی بچووک، بەتواناترە لەهێزی گرووپێکی چەندین جار گەورەتری ناڕێکی پەرشوبڵاو، "کۆکردنەوە و یەکخستنی کۆمەڵێک خەڵک لەڕێی بڕواوە و، یەکبوونی بیروباوەڕیان دەتوانێت ببێتە هێزێک؛ نەک تەنها سڵ لەهێزی تر ناکاتەوە؛ بەڵکو دەبێتە هەڕەشە و ترساندنی هێزەکانی تریش." ... دین ئەو بڕوایە لەکۆمەڵگەدا دەچێنێت و بەرهەمی دێنێت. مەگەر ئەمە سەرکەوتن نییە، مەگەر ئەمە دەستکەوت نییە...؟ لێرەدا **"دین"** پەیامێکی خوداییە و لەلایەن کەسێکی هەڵبژێردراوی خۆیەوە بەمرۆڤی گەیاندووە و مرۆڤیش دەبێت بڕوای پێبێنێت ئەو بڕوایەش کۆیدەکاتەوە و دەیکاتە هێزێکی بەتوانا. .

١. زۆر باشە؛ ئێستا دەتوانین بێینەوە سەر باسی مەبەست **"خودا"** خودا چییە؟ درووستکەری هەموو بوونێک! ئارام ئەمە فێرکرا و پاشان بووە بڕوای، بەم شێوەیە ئارام دەیڕوانییە دەوروبەری؛ لەیەک ڕوانگەوە شتەکانی تەماشا دەکرد و لەیەک بڵۆنگەوە دەنگەکانی دەبیست. بەم شێوەیە ئەمە دەبێتە سەرچاوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی، تا ئەو رادەیەی ئەقڵی دیل دەبێت! تا ماوەی دیلبوونی درێژتربێت، جیهانی ئەندێشەکانی زیاتر سەقامگیر دەبێت و نەک نایەوێت ئازاد بێت، بەڵکو لە ئازادی سڵدەکاتەوە و ناتوانێت تێیبگات. ...

کاتێ کەسێک، هزری ئازاد نەبێت، نەتوانێت یان ڕێی نەبێت لەگۆشە جیاوازەکانەوە تەماشای هەرئەو دیمەنە بکات و گوێی لە دەنگەجیاوازەکان بێت، چۆن دەتوانێت پرس لەسەر بڕوایەکی ڕەگداکوتاو لە فکریدا دروست بکات؟ پرسکردن لەسەر خودا هەر

لەسەرەتاوە پرۆسەیەکی ئەقڵانییە. فکری ئازادی تەندروست دەتوانێت کاری لەسەر بکات، "پێویستە ئەوەمان لەبیربێت؛ مرۆڤی دیل دەشێت ئازاد بێت و، نەخۆشیش پێدەچێت تەندروست بێتەوە" کەواتە هەوڵدان بۆ ئازادکردنی تاک لەکۆمەڵگەدا دەبێتە هەنگاوی هەرە گرنگی دەستپێکردن. لێرەدا مرۆڤ پێویستی بە فەلسەفە و، بە لێکۆڵینەوەی زانستی دەبێت. گەربێتو خودا دروستکەر بێت؛ دەبێت بوونەوەرێکی ئەقڵانی بێت، بوونی نائەقڵانی دروستناکات! دەشێت شتەکان پێکبهێنێت، یان ببێتە بەشێک لەپێکهاتە... دروستکەر یان دروسکەرەکان هەرچەندە سەرەتایی بن، لەرێی ئەقڵەوە نەخشە دەکێشن، یان پلان دادەرێژن، ئەوسا دەست بەکاردەبن بۆ بەئەنجامگەیاندنی نەخشەکەیان، یان پلانەکانیان. بەمەرجێ ئەو شتەی دروستیدەکەن پێویستیی ژیان و، ئاسانکردنی کارەکانیان هۆکاری بێت. گەلێک جۆر زیندەوەر هەن بەشێوەیەکی جیاوازتر لە مرۆڤ دروسکەرن؛ ئەوەی کە دروستیدەکەن، زگماکی پێیانگەیشتووە، کە بەرنامەرێژ کراوە لەئەقڵیاندا لەرێی (جین)ەکانیانەوە.! مرۆڤ؛ لەرێی تاقیکردنەوەوە و، لەفێرگەکاندا! فێردەبێت چۆن دروست بکات... کاتێک وەک پسپۆرێک دەست بەدروستکردن دەکات، مۆرکی دروستکەرێکی ئەقڵانی لەسەر دادەنێت، شتەکان کۆپیدەکاتەوە، لێکچوون لەدروستکراوەکاندا بەدیدەکرێن و، هۆکاری دروستکردنیان پێدەزانرێت. دروستکراوەکان لەپێناو بەردەوام بوون و ئاسان کردنی ژیان و بەرەورووبونەوەی رووە سەختەکەی سروشت ئەنجامدەدات...

پاش گۆرانکارییە بایۆلۆجییەکان لەزیندەوەردا، لەئەنجامی کاریگەریی سەپاندی سروشت، بەهۆی گۆرانی سروشتەوە، بەتێپەربوونی کات مرۆڤی سەرەتایی پێکدێت، بۆ مانەوەی ئەم زیندەوەرە لاوازە لەرووی پێکهاتەی لەشییەوە و لە رووی کەمتوانایی فیزیکییەوە؛ کە بتوانێت خۆی بپارێزێت لە لەناوچوون دەبێت میکانیزمێکی تر گەشە بکات! بێگومان گەورەبوونی قەبارەی مێشک و گۆرانکاری لە شێوەی بیرکردنەوە و داهێناندا سەرکەوتنێک بوو بۆ مانەوە و، توانینی خۆپاراستن. هەر زۆر لەسەرەتاوە فێربوو بەکارهێنانی ئامراز، کارەکانی ئاسان دەکات، بەردی بەکارهێنا بۆ شکاندنی ناوکەرەقەکان و کوشتنی ئاژەڵەکان؛ پێویستی کرد چەکی لێدروست بکات و لەگەڵ خۆی هەڵی بگرێت، بەم شێوەیە بەردەوام بۆ پەیداکردنی خواردن و خۆپاراستن لە مەترسیی ژیان لەسروشتدا لەئەنجامی دەوڵەمەندبوونی ئەزموونی، بە تێپەربوونی کات داهێنانی زیاتری کرد و پەرەی پێسەند و باشتری کرد... تا ئەوکاتەی فێربوو ژیان بەکۆمەڵ پێویستە و بەهێزتری دەکات؛ لە راوکردنی ئاژەڵەگەورەکان و دەیپارێزێت لە ئاژەڵەراوکەرەکان...

٢. جا کەسێکی وەک ئارام چۆن بتوانێت پەی بەمە بەرێت؛ کاتێک ئەو فکری دیل بێت و بڕواکانی سەرچاوەی هەموو ژیان بێت! دەتوانێت ئەقڵ بەرداری ئەو سەرچاوەیە بێت؟؟

١.   هەموو پرۆسەیەک کاتێکی تایبەتی دەوێت. ! گەر ئازارمان هەبێت پێویستمان بەدەرمانە بۆ سڕکردنی ئازارەکە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاتە بۆ کاریگەریی، بۆ چارەسەرکردنی هۆکاری ئازارەکە پێویستی بەکاتی زیاتردەبێت و بەو جۆرە.... مەرجیش نییە (ئەسەری) ئازارەکە، یان نەخۆشییەکە بەتەواوی بنبڕببێت... لەبەراوردکردن لەگەڵ پرۆسەهەستی و فکرییەکان، ڕووبەڕووی جیاوازییەکی زۆر دەبین. پێکهاتەئۆرگانییەکان؛ ئەنزیمەکان و ماددەکیمیاویەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر هەستەکان کە ئەو کاریگەری و پێوەندییە، جیاوازی هەیە لەگەڵ فکردا. پرۆسەفکرییەکان لەئەنجامی ئەزموون و فێرکردن و بڕوا پێکدێت، لەبەرئەوە ئارام ناتوانێت بێماندووبون فکری ئازاد بکات. ئەو هێزەی پێشتر باسکرا، کە لەئەنجامدا دەبێتە دەسەڵات، کاریگەریی زۆریدەبێت بۆ ڕێگرتن و دەرگەئاواڵەکردن لە بەردەم ئارامدا... پێویستە ئەوەمان لەبیربێت؛ **""ئارامێکی باوەڕدار، بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی باوەڕدارە و، هەر ئارامیش دەبێتە پێکهێنەرو بەردەوامبوونی ئەو کۆمەڵگە باوەڕدارە".**

٢.   کەواتە دەسەڵات بڕیار لەسەر بیرکردنەوەمان دەدات و بڕوامان تێدا دەچێنێت! جا ئەگەر دەسەڵاتێک بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەبێت، پێویستی بەوجۆرە ڕێخستنە دەبێت بۆ بەڕێوەبردن و لەهەمانکاتدا وەک میکانیزمێک بۆ بەردەوامبوونی مانەوەی خۆی.

١. دەسەڵات جۆر و شێوازی زۆرە؛ دەسەڵاتێکی سروشتی لەکۆی هێزی تاکەکانی کۆمەڵێک لەزیندەوەر سەر بە ڕەگەز و پۆلێکی تایبەتی، بۆ پارێزگاری مانەوەی لەهەڕەشە دەرەکییەکان و هاوکاریکردنی یەکتر بۆ بەدەستهێنانی وزەی پێویست، بەبەکارهێنانی کەمترین وزە، دەبێتە کۆمەڵێکی سەرکەوتوو و ژیانێکی درێژخایەن کە دابەشدەبێت بەسەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵەدا. ...

جگە لەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی (بەکۆمەڵ ژیانکەر)ە کە فەرزێکی سروشتییە و زگماکی بۆی ماوەتەوە! پەرەدەسێنێت و بەپێی ئاڵۆزی ژیانی، فکری ئاڵۆزتر دەبێت، بەتایبەتی لەڕووی ێیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بەڵام دەسەڵاتی خاوەنبڕوایەکی تایبەتی، کاری پاراستنی بڕواکەی دەبێت. لەبەرئەوەی ئەو لەڕێی بڕواکەیەوە بووەتە خاوەنی دەسەڵات. لەمکاتەدا قسەلەسەر بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگە نییە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی گشتی لەئازادی فکری و پاراستنی مافەی تاکەکانیدا دەستپێدەکات. لەم هەلومەرجە ئازادییەدا دەتوانرێ بەرژەوەندی گشتی بەدیبێت.

گەر ئێمە بمانەوێت لەو هێزە دروستکەرە سەرەکییە بگەین؛ وەک ئەوە وایە کە بمانەوێت ژمارەی کۆتاییمان دەستبکەوێت و گەشتەکەمان بێئەنجام دەبێت. کەواتە پێویستە لەخودی بوون بگەڕێین؛ دوو جۆر بوون دەبینین، دروستکراو و پێکهاتوو. دروستکراوەکان، وەک

ئاماژەمانپێیکرد بەرهەمی بوونەوەری خاوەن ئەقڵە مانای زیندەوەرەکان. ... پێکهاتە بەهەموو جۆرەکانییەوە لەئەنجامی تێکەڵبوون، ئاوێتەبوون، گۆڕانی گوشار، تیشکەڕادوێیی‌یەکان، (تەفاعولی کیمیاوی) و، ... هتد. پێکدێت، ئەم پێکهاتانە شێوە و قەبارە و سیفەتی جیاوازیان دەبێت؛ کە یان خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ دەوروبەر (ئنڤایەرمێنت)، یان دەوروبەر لەگەڵ خۆی دەگونجێنێت.... گەر ئەو گونجاندنە ڕوونەدات، ئەوسا پێکهاتەکە جێگیر نابێت یان دەبێتە پێکهاتەیەکیتر...

با بزانین خوداوەندی سێ دینە ئیبراهیمییەکان لەڕێی پەیامنێرەکانییەوە چیمانپێدەڵێت؟ "خودا نێزیکەی شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر گەردوون درووستدەکات! بە شەش یان هەشت ڕۆژ کۆتایی پێدێنێت.! بەڵام، زانست پێماندەڵێت گەردوون لەئەنجامی (تەقینەوە گەورەکە) دەستی بەپێکهاتن کرد، زیاتر لە ١٣،٧ ملیارد ساڵ لەمەوبەر. کە بەردەوام لەپێکهاتندایە و، پێکهاتەکانی گەردوون خۆ لەگەڵ یەکتر دەگونجێنن. ئەو پێکهاتانەی کە ناگونجێن؛ دەگۆردرێن یان دەبنە گۆڕینی پێکهاتەکانی‌تر..

ئەمە پرۆسێسێکی سروشتییە لەئەنجامی کار و کاردانەوە فیزیکییەکان "کارگەرێتی"، وەک قەبارە، دوور و نزیکی، ناجێگیری، گوشار، کێشی موگناتیزی، و...هتد. کە هەموو ئەم هۆکارانە لەبەر دووبارەنەبوونەوەیان هەر بەوشێوە دەکرێت بەڕێکەوتێکی خودی سروشت بناسرێن.

**٢. مانای هەمان تیۆری بەسەر زیندەوەریشدا دەسەپێت! ئەوسا جگە لە هەستەکان ئەقڵیش پێکهاتەیەکی سروشتی دەبێت و بەرهەمی ئەقڵ کە فکرە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەرچاوە.!**

١. **بابزانین ئارام چی فێرکرا؟!** "خودا پاش دروستکردنی گەردوون و هێندێک لەبوونەوەرەکانی تر، **ئادەم** ی دروستکرد و کردی بەسەرچاوەی دروستکردنی ئادەمزادەکان! خودا؛ زۆر لەپێش وەختدا نەخشەی تەواوی هەموو ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی داڕشتووە، مانای جگە لە سەرەتا و کۆتایی، ووشە بە ووشەی هەموو ڕۆمانەکە، بەمەست یان بێ‌مەبەست ئاماژەی پێکراوە. وێنە و چۆنییەتی شوێن و دەووری هەموو ئەکتەرەکان دیاری کراون، نەک تەنها چیدەکەن و چیان بەسەردێت بەڵکو چۆن هەستدەکەن و چۆن بیردەکەنەوە. ئەوسا بوون و هەست و فکری ئارام بوونی نییەو تەنیا خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆماننووسەکەیە، **خودا**. ... ! زانست لەئەنجامی تاقیکردنەوە پێماندەڵێ، پێکهاتەی ئاوێتەکان و تێکەڵبووەکان بریتییە لەچی و سیفەتیان چییە. چۆن هێزی **کارگەرێتیی** دەوری هەیە؛ لەخێراکردن و هێواشکردنی ئەو پرۆسانەدا... بوونی **ئادەم** ناتوانرێت بسەلمێنرێت! زانستی (مۆرفۆلۆجی، بایۆلۆجی، ئارکۆلۆجی و،...هتد) چەند

قۆناغێک لەگۆڕانکارییەکان بەسەر مرۆڤدا دێت ڕوونیدەکاتەوە بەم جۆرە: مرۆڤی عەمەلی (هومۆ هابیلیز) کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١،٨ تا ٢،٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر. مرۆڤی کارکەر (هومۆ ئێرگاستەر) دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١،٤ تا ١،٩ ملیون ساڵ لەمەوبەر. مرۆڤی لەسەرپێ وەستاو (هومۆ ێرێکتەس) دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٠،١ تا ١،٤ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر. **مرۆڤی دۆزەرەوە/ گەڕۆک (هومۆ ئەنتێسسەر)** دەکرێن بە چەند بەشێکەوە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٨٥٠ تا ٢٥٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر. **(هومۆ هایدەلبەرجێنسس)** دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٦٠٠ تا ٢٥٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر. **مرۆڤی نێندەرتاڵ (هومۆ نێندەرتاڵیانسیس)** دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٣٠ تا ٢٩ هەزار ساڵ لەمەوبەر. تا دەگاتە مرۆڤی سەردەم. هەموو ئەم ماوە درێژ و کاتە زۆر و گۆڕانکارییانەی لەژینگەدا ڕوودەدەن، دەبێتە گۆڕانکارییەکان لەشێوازی ژیانی مرۆڤدا و پێویستییەکانی ژیانکردن شێوازی دەگۆڕێت و، دەبێت بیر لەداهێنان بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، بەم شێوەیە توانای بیرکردنەوە و داهێنانی دەوڵەمەندتر دەبێت...

مرۆڤ دەتوانێت داهێنان بکات! دەتوانێت هەڵبژاردن بکات و بڕیاربدات بۆ ئەنجامدانی، یان ئەنجامنەدانی کارێک. هەروەها دەتوانێت دەوروبەر و، سروشت بەڕادەیەک بگۆڕێت.! کەواتە ناکرێت پێشوەخت بڕیار لەسەر ژیان و کارەکانی درابێت. ... دین دەڵێت؛ خودا هەموو زیندەوەرەکان دروستدەکات لەبەر خاتری ئادەم و ئادەمزادەکان، بەشێکیان بۆ سوود و بەکارهێنان، بەشێکیان بۆ وانە و عیبرەت (پەند) لێوەرگرتن! بەڵام ئەمڕۆ پاش سەد و پەنجا ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی **""پەرەسەندن""ی داروین. ""زانستی جیناتی""**، بەبەڵگەزانستییەکان، بەتەواوی ئەم ڕۆنکردنەوەیەی ئەو سێ دینە ڕەتدەکاتەوە و دەیسەلمێنێت کە ڕاستنییە. ئەمڕۆ بەڵگەی زۆر بەهێز لەبەردەستایە لەبارەی ژیان لەسەر زەوی، کە چۆن و کەی پێکهاتووە. وێنای درەختێکی بۆ دەکێشێت، چۆن لە تۆوێکەوە دەستپێدەکات. لەژێر ناوی **""درەختی ژیان""** کە هەموو زیندەوەران لەسەر زەوییەک سەرچاوەیان هەیە. سەرەتا، زیاتر لەسێ ملیارد و پێنجسەد ملیۆن ساڵ لەمەوپێش، لەناو ئاودا لەئەنجامی کارلەیەککردنی ماددە کیمیاییە ئاڵۆزەکان، یەکەم شێوەی مایکرۆسکۆپی، **""خانە""** پێکهات. ئەم پێکهاتنەش هۆکاری خۆی هەیە، ئەم خانە سەرەتاییانە ئەو تۆوە بوون، بوونە پێکهێنانی درەختی ژیان. ئەم خانانە توانییان خۆیان ""کۆپی"" بکەن، بەجۆرێک وەک بەکترا. بە تێپەڕبوونی کات بەشێک لەوانە وایانلێهات یەکبگرن وەک زنجیرێک لەشێوەی قەوزەی ئەمڕۆدا، هەندێکیان تۆپەڵبوون وەک تۆپێک، پاشان ناوەڕۆک و دیواریان پێکهێنا وەک لەشێک، لەشێوەی ئیسفنجی دەریایی. پاش دەرکەوتنی جۆری زیاتر لەو خانە سەرەتاییانە درەختی ژیان دەستیکرد بە لقوپۆپکردن، بەشێکیان توانییان بجوڵێن. لەهەندێکیاندا دەم پێکهات بۆ وەرگرتنی خواردن. بەشکیش لەوانە لەشیان پەرەیسەند و

لەپێش و دواوەیاندا، هەستی تیا دروستبوو. لەمانیشەوە جۆریتر گەشەی کرد و، تا ئەوکاتەی لەناو دەریاکاندا ژمارەیەکی زۆر زیندەوەر لە جۆری جیاوازلەیەک دەژیان....

ئەمە تا نزیکەی 450 ملیۆن ساڵ لەمەوپێش. کە هەندێ جۆر لەو زیندەوەرانە لەئاوەوە بەرەو زەوی هاتن، لەمانیشەوە لقی جیاواتری درەختی ژیان پێکهات. لەمانەوە مێرووەکان پەیدابوون. هەروەها بەردەوام زیندەوەرانی ناو دەریاکان لەگەشەسەندندان و لقی تریان لێدەبێتەوە، تا هەندێکیان دەبنە ماسییەکان. لەمانیشدا بەشێکیان توانی هەوا وەرگرێت لەدەرەوەی ئاو، پەڕەکەکانیان گۆڕا بۆ شێوە قاچێکی کورت، سێسەد و حەفتاوپێنج ملیۆن ساڵ لەمەوپێش، ئەم زیندەوەرە پشت ئێسکییە توانی بێتە سەر وشکانی، هەرچەندە بۆ هێلکەدانان دەگەڕایەوە بۆ ناو ئاو، لەمانیشەوە جۆرێکیتر پەرەیسەند هێلکەی لەوشکانیدا دەکرد، ئەم جۆرەشیان زیندەوەرە خوێنساردەکانی لێپێکهات، وەک: خشۆکەکان، مار، مارمێلکە، تیمساح و،...هەتد. بێگومان ئەمانیش لەگەڵ گرووپی دایناسۆرەکاندا بوون. بەڵام شەست و پێنج ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، کارەساتێکی سروشتی زۆر گەورە روویدا. کارەساتەکە هەرچییەک بوویێت، بەشێکی زۆر لەزیندەوەران لەکاتێکی کەمدا فەوتان. هەرچەندە هەموو دایناسۆرەکانی بەرکەوت؛ تەنها لەیەک جۆریان بەشێکی لێدەربازبوو، کە پەرەیسەند بۆ جۆرەکانی باڵندە. هەندێ لەجۆریتر کە قەبارەیان بچوکبوو مانەوە و زیندەوەرە خوێنگەرمەکانیان لێپێکهات کە یەکەمین جۆری شیردەر بوون. ئەمانە بەزەویدا بڵاوبوونەوە و، هەموو لقەکانی تری شیردەرەکانیان لێکەوتەوە و، لەهەموو شوێنێکی زەویدا دەستیان بەخۆ گونجاندنکرد بۆ ژیان.... ئەم کورتە باسە ئەو هەموو کاتە دووردرێژەی خایاند و، هەموو گۆڕان و رووداوە سروشتییەکانی پێویست بوو...

زیندەوەرانی سەرزەوی جیاوازییان زۆرە لەڕووی شێوە و قەبارەیان. بەڵام هەموویان لە شتێکدا هاوبەشن، ئەویش پێکهاتە کیمیاوییەکەیانە. گەر پێکهاتەی زیندەوەران شیتەڵ بکەین، هەر ئەو ( ئەلەمێنت)\توخمەمان بە ڕێژەیەکی زۆر دەستدەکەوێت. وەک: **کاربۆن، ئۆکسجین، هایدرۆجین و نایترۆجین.** لەهەموو ئەم ئەلەمێنتانە کاربۆن یەکێکە لەگرنگترینیان! ... تۆوی کاربۆن دەتوانێت یەکبگرێت لەگەڵ زۆر لەتۆوەکانیتر و ئاوێتەی جیاواز پێکبێنێت. هەندێک لەم ئاوێتانە گەورەن، وەک **پرۆتینەکان**. پرۆتینەکان پێکهاتەی سەرەکی زیندەوەرانن... کاتێک تۆوەکان پێکهاتووی سرووشتبن و سرووشتیان لێ‌پێکهاتبێت؛ کەواتە زیندەوەران پێکهاتەی سرووشتن.

هەستەکان لەلایەن ئەقلەوە (تەرجومە)یان دەکرێت، ئەقڵ سەرچاوەی ""پرۆگرامی بەکارخستن"" ی ئۆرگانە جیاوازەکان و ""پرۆگرامە فکرییەکان""ە، لەمۆخدا لەپێکهاتندایە و پەرەدەسێنێت. کاتێک مۆخ پێکهاتەی سرووشت بێت، ئەوەی لەمۆخیشدا (میمۆرایز) دەکرێت، دەبێتە فەرزێکی سرووشتی.

٢. هێشتا ناتوانین هۆکاری خودی ژیان بسەلمێنین. ئەی هەموو ئەم بوونانە بۆچی؟

١. زانست وەڵامی دووجۆر پرس دەداتەوە چۆن و کەی؟ کاتی روودان و چۆنێتی ڕوودان. بەڵام هێزی سەروو سروشت (**مێتافیزیک**) وەڵامی پرسی بۆچی؟ دەداتەوە. پێماندەڵێ هەموو رووداوەکان، پەرجۆ (مێراکەڵ)ە بڕیاری خوداوەندە و هۆکاری ڕووداوەکە سەلماندنی بوونی ئەو هێزە مێتافیزیکییەیە. واتە وەڵام بۆ چۆنێتی ڕووداوەکە نییە.

(**فێنۆمێن**) مانای ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر/بێوەڵامی زانستی؛ لە کاتی دیاریکراودا نەتوانرێت وەڵامێکی سەلمێندراوی هەبێت.

لەڕوانگەی دینەوە ڕووداوەکان (مێراکەل)ە ، هەموو وەڵامەکان لای خودایە؛ باران بارین و نەبارین، بوومەلەرزە، بورکان، لافاو و، تۆفان، مانگگیران و، ڕۆژگیران، منداڵ بوون، نەخۆشی، مردن و، ... هتد؛ دەبێت مرۆڤ بڕوای بۆ توانای خودا پێ بەهێز بکات. ...! پاشان پەیامنێر و نوێنەرانی ئەو هێزە سەرووسروشتە، فێرمان دەکەن بەچ شێوەیەک دەبێت بژین و لەژیاندا چی بکەین. دەبێت (شەریعەت)ی بڕیاردراوی پێشوەخت لەلایەن خوداوە جێبەجێبکەین.! ئەو شەریعەتە لەلایەن توانایەکەوە بڕیاری لەسەردراوە کەهیچ کات مرۆڤ ناتوانێت پێیبگات. ...

زانست بە تاقیکردنەوە وەڵاممان پێدەدات. ڕووداوێکی نەسەلمێندراو وەک (فێنۆمێن) دەبینێت و کاردەکات بۆ پێکهێنانی ئامراز؛ بۆ تاقیکردنەوە و وەڵام دانەوەی کات و چۆنێتی ڕووداوەکە. ئەو پەرجۆیانەی لەسەرەوە ناومان بردن، لەکۆندا (فێنۆمێن) بوون لەڕوانگەی زانستەوە، تا ئەو کاتەی وەڵاممان دەست کەوت ...

ئەمرۆ زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە چکاتێکدا مانگگیران و ڕۆژگیران ڕوودەدات و چۆنێتی ڕووداوەکە دەزانین. بەم جۆرە فێنۆمێن دەبێتە وەڵامێکی ژیربێژی و سەلمێندراو. با بڵێین ئارام چۆن لەهۆکاری ژیان دەگات؟ ئەو فێرکراوە دەبێت ملکەچی فەرمانی خودا بێت، بێئەوەی بتوانێت هیچ یەکێک لە فەرمانەکان بخاتە ژێر پرس. ئەو دروستکراوە بۆ (عیبادەت)کردن. ئەو کۆیلەی خودایە.!! هۆکاری ژیانی ئارام پێشوەخت بەو شێوەیە بڕیاری لەسەر دراوە.! دەبێت ئەم ژیانەی ئێستای تەرخانبکات بۆ دوای مردنی.

پرس لەسەر هۆکاری ژیان، کارێکی سەختی ئەقڵانییە. گەر مەبەست لەژیان کەم یان زۆر بریتیبێت لەسەرەتایەک و کۆتاییەک، ئەوسا دەبێت لەو مابەینەدا ئەنجامێکی ماناداری هەبێت بۆ خودی زیندەوەرەکە. ژیانی ئاژەڵ چ ئەنجامێکی مانابەخشی هەیە؟. زیندەوەر (بەفەرامۆشکردنی قەبارە) بەشێک لە گەردوون پێکدێنێت. گەردوون بەهەموو پێکهاتەکانییەوە گونجانێکی سرووشتییە. گەر بوونی **"گالاکسی"**یەک یان گالاکسییەکان ئەو

پێکهاتە سروشتییەبن و، کاریگەریيان لە بوونی یەکتردا هەبێت! ئەوسا زیندەوەریش کاریگەریی لەوێنە گەورەکەدا دەبێت. ژیانی ئاژەڵێک کاریگەریی هەیە لەسەر ژیانی زیندەوەرانی دیکە، هەر بەم شێوەیە ژیانی منیش! گەربێتو بوونی من لەبەر کاریگەرییەکی تایبەت لەدەوروبەر و لەسەر زیندەوەرەکانیتر بێت، کەواتە ژیان بۆ خودی خۆم هیچ مانایەکی نامێنێت! من لەماوەی ژیانمدا دەبێت وزە بەدەست بێنم لەڕێی زیندەوەر و، تۆو و ماددهجیاوازەکانی ترەوە. من بوومە کاریگەر لەگۆڕینی پێکهاتە و، شێوەی بەشێک لە گەردوون. کەواتە توانیم لەپڕۆسەی گەشەکردن و لەناوبردنی ژیان و، پێکهێنان و تێکدانی بوونەکانی دیکەدا کاریگەر بم. لەهەندێ (حاڵەت) دا ئەو پڕۆسەیە خێرا یان هێواشی دەکەم. لەهەردوو شێوازەکەدا کاریگەرێتی بەجێدێڵم. ... ئەمە چیم فێردەکات ؟ بوونی من، گوڵێک، پشیلەیەک و ئەستێرەیەک پێکهاتەی کۆمەڵێک تۆو و ئاوێتەی پێکهاتووی سروشتە و، لەگەڵ بوونەکانی دیکە دەگونجێت لەکاتی تایبەتدا. ئەو هێزە پێکهێنەرە، دەبێتە هێزی دروستکەر ""خودا"" لە ڕوانگەی دینەکانەوە....!